# دهۆک بووە پاڵەوانی تۆپی پێ باسکە

رێبین رەمزی
rebin1985@yahoo.com

ساڵ بە ساڵ وەرزش لە کوردستان پێش دەکەوێت ساڵ بە ساڵ وەرزشی کوردستان دەستکەوتی گەورەتر بە دەست دەهێنێت، ئەوەتا دوێنی یانەی هەولێر بووە پاڵەوانی خولی پلە نایابەکانی عێراق بۆ تۆپی پێ، ئەمڕۆش لە درێژی دەستکەوتەکاندا و بۆ یەکەمجار لە مێژووی خۆی و مێژووی کوردستاندا یانەی دهۆك بووە پاڵەوانی خولی پلە نایابەکانی عێراق بۆ تۆپی باسکە، دوای رکابەرییەکی بەهێز لەگەڵ یانەکانی تری عێراقدا،ئەم دەستکەوتە گەورەیە هەر لە بۆشایی نەهاتووە بەڵکو بە هاوکاری حکوومەتی هەرێمی کوردستان بۆ وەرزشی کوردستان و ئەو پاڵپشتییە گەورەیە کە پارێزگاری دهۆك تەمەر رەمەزان لە یانەی دهۆك دەکات، ماندووبونی دەستەی کارگێڕی یانەی دهۆك بە سەرۆکایەتی خەلیل ئیسماعیل، هەروەها ماندوبوونی یاریزانان و راهێنەرانی یانەی دهۆك، بگەرێنەوە سەر یاری کۆتایی کە لە نێوان هەردوو یانەی دهۆك و کەرخ بوو، کە لە هۆڵی داخراوەی شەعب ئەنجامدرا بە ئامادەبوونی جەماوەرێکی بەرچاوی هەردوو یانە و چەندین بەرپرسی وەرزشی ئامادەی ئەم یارییە بوون، هەردوو یانە پێویستیان بە بردنەوە هەبوو، تاوەکو خولی پلە نایابەکانی عێراق بە دەست بێنین، بۆیە یارییەکە مەترسی پێوە دیار بوو، لە سەرەتای چارێکی یەکەم و لە خولەکانی یەکەمدا ئاستی یانەی دهۆك زۆر نزم بوو و یاریزانەکان مەترسیان پێوە دیار بوو، بەڵام هەر زوو راهێنەری یانەی دهۆك هەمزە عوبید چارەسەری ئەم کێشەی کرد و توانی ئاستی یانەی دهۆك بگۆڕی، بۆیە چارێکی یەکەم بە سەرکەوتنی یانەی دهۆك بە کۆتا هات بە ئەنجامی (٢٢-١٦) خاڵ، لە چارێکی دووەم یانەی کەرخ توانی کۆنترۆڵی یارییەکە بکات چەندین خاڵ بە دەست بێنێت، بەڵام ئەم چارێکەش هەر بە سەرکەوتنی یانەی دهۆك بە کۆتا هات بە ئەنجامی (٣٤-٢٩) خاڵ، لە چارێکی سێیەم یانەی کەرخ بەردەوام بوو لەو ئاستە بەرزی توانی جیاوازی خاڵەکان کەم بکاتەوە بە پێچەوانەوە یانەی دهۆك ئەو ئاستە بەرزی نیشان نەدا کە لە چارێکی یەکەم نیشانیدا، بەڵام یانەی دهۆك توانی ئەم چارێکەش بۆ بەرژەوەندی خۆیان بە کۆتا بێنێن، بە ئەنجامی (٤٤-٤٢) خاڵ، لە چارێکی چوارەم و کۆتاییدا یانەی دهۆك بە تەواوی کۆنترۆڵی یارییەکی کرد و توانی ئەم چارێکە لە بەرژوەندی خۆی بە کۆتا بێنیت بە ئەنجامی ( ٥٩-٥٣) خاڵ بەمەش توانی سەرکەوتنێکی مێژووی تۆمار بکات و لە پێشووی ریزبەندی خولەکە بێت بە کۆکردنەوە (١٢) خاڵ و ئەم نازناوە لە شاری بەغدای پایتەخت بە دەست بێنێت بۆ یەکەم جار، دوای کۆتایی هاتنی یارییەکە رۆژی پێنج شەممە شاندی یانەی وەرزشی دهۆك گەرانەوە شاری دهۆك دەلال جەماوەرێکی زۆری یانەکە لە پێشوازی یاریزانان و دەستەی راهێنەرانی یانەکە بوون، خۆشحاڵی خۆیان بۆ ئەم دەستکەوتە گەورە و مێژوویە دەربڕی، هەرچەندە پارێزگاری دهۆك تەمەر رەمەزان لە دەرەوەی کوردستان بوو، بەڵام دوای کۆتایی هاتنی یارییەکە بروسکەیکی پیرۆزبایی ئارستەی یاریزانان و دەستەی راهێنەران و دەستەی کارگێڕی و هاندەرانی یانەی دهۆك کرد و خۆشحاڵی خۆی بۆ ئەم دەستکەوتە گەورەیە دەربڕی و پەیمانی دا کە پاداشتێکی گەورە بداتە یاریزانان و دەستەی راهێنەرانی یانەی دهۆك، بە پێی چەند سەرچاوەییەك رێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پەیمانی داوە کەوا پاداشتێکی گەورە بداتە یاریزانان و دەستەی راهێنەرانی یانەی دهۆك، جێگای باسە یانەی کەرخ توانی پلەی دووەم بە دەست بێنێت و یانەی کەرەبا پلەی سێیەمی بە دەستهێنا، خەڵاتەکانی یانە سەرکەوتووەکان بەم شێوەی





فۆتۆ: قیس خانی



خوارەوەیە، خەڵاتی پلەی یەکەم یانەی دهۆك (١٧,٥) ملیۆن دینار و خەڵاتی پلەی دووەم یانەی کەرخ (١٠) ملیۆن دینار و خەڵاتی پلەی سێیەم یانەی کارەبا (٧,٥)ملیۆن دینار، ئەم ساڵ ساڵی وەرزشی کوردستانە، چونکە یانەکانی کوردستان کۆنترۆڵی زۆربەی هەر زۆری یارییەکان و خول و پاڵەوانیەتیەکانی عێراقیان کردووە وەکو تۆپی پێی و تۆپی باسکە و پایسکیل و بەرزکردنەوەی قورسایی و......هتد، لە عێراق تەنیا یەك خول ماوە ئەوەیش خولی پلە نایابەکانی عێراق بۆ تۆپی بالە کە تیاییدا نوێنەری کوردستان یانەی پێشمەرگەی سلێمانییە بۆیە چاوەری ئەنجامێکی باش لەم یانەیە دەکەین بۆ ئەوەی دەستکەوتەکانی وەرزشی کوردستان بەردەوام بێت، ئەمەش هەمووی بە پاڵپشتی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەرێز مەسعود بارزانی و حکوومەتی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی رێزدار نێچیرڤان بارزانیە کە هەردەم پشتگێری لە وەرزش و وەرزشوانان دەکات.

ئەمەی خوارەوەش ناوی ئەو یاریزانانەیە کە ئەم دەستکەوتە مەزنەیان تۆمار کردووە بۆ یانەکەیان

هەمزە عوبێد (راهێنەر) – خەتاب عومەر ساڵح (یاریدەدری راهێنەر) –رەحمان ئەحمەد – شۆرش ئەحمەد محەمەد – بەهدین شوکری – فرید رعدی – هەکار نسیب – کوهدار تاهیر – محەمەد ساڵح یونس – عەلی عەبدوڵڵا – محەمەد سلێمان مەحمود – محەمەد زیا مەهدی – قوتێبە عەبدوڵڵا – مەقداد رعدی – حکمت عابد (کاپتن) – عومەر عامر – سیزار سالم – خورشید جاسم – ئیسماعیل عەلی ساڵح – رێزان حاجی یونس – رزگار عوسمان – بایز مەرعان).

لە کۆتایشدا ستافی گۆڤاری گوڵان پیرۆبایەکی گەرم ئارەستەی هاندەران و یاریزانان و دەستەی کارگێری یانەی دهۆك دەکەین بە بۆنەی ئەم دەستکەوتە مەزنە.

پیرۆزبیت بو هەمی پشتەڤانێن و جەماوەرین یانایا دهۆکا دەلال.

# دەربارەی مارادۆنا چی دەڵێن



* رۆژنامەکانی بەرازیلی دەڵێن (١١) یاریزان مێژوویان بۆ بەرازیل تۆمارکردووە، بەڵام مارادۆنا بە تەنیا مێژوویەکی بۆ ئەرژنتین تۆمارکرد.

* ئەلفردیۆ دیستیافانۆ دەڵێ مارادۆنا جارێکی دیکە تۆپی پێی دۆزییەوە.

* راهێنەری پێشووی ئینگڵتەرە (ئالف رامزی) دەڵێ مارادۆنا باشترین یاریزانە کە قاچی بە زەوی یاریگا کەوتبێ.

* گۆڵچی یانەی رۆما (تانکریدی) دەڵێ یەکێکە لە ئەستێرەکانی جیهان.

* سوقراتی بەرازیلی دەڵێ سەرەڕای ئەوەی بەڕازیلیم دەڵێم مارادۆنا باشترین و مەزنترین یاریزانی جیهانیە.

* کاریکا بەرازیلی کە پرسیاری لێکرا بۆچی لە مۆندیالی (١٩٩٠) گۆڵت تۆمارنەکرد و لە ناپۆلی زۆر گۆڵت تۆمار دەکرد ئەویش گوتی مارادۆنام لە پشت نەبوو.

* یاریزانی یانەی ناپۆلی کەرنەڤالی دەڵێ دوای مارادۆنا یانەی ناپۆڵی دەبێ بکرێتە شوێنی وەستانی ئۆتۆمبێل.




* راهێنەری بەلژیکا (سایس) دەڵێ مارادۆنام بدەنی نازناوی مۆندیالتان دەدەمێ.

* تراپاتۆنی دەڵێ هەموو پارەی خۆم دەدەم تا مارادۆنای ببینم.



* رۆماریۆ دەڵێ ماردۆنا باشترین یاریزانە لە مێژووی تۆپی پێی جیهانی.

# رۆبینهۆ لەقەفەسی زێڕین



بەهۆی خۆشییەکی یەکجار زۆرە و ئەستێرەی بەرازیلی رۆبینهۆ توانی ژیانی هاوسەریەتی لەگەڵ خۆشەویستەکەی فیفان جۆجلیمتس پێك بهێنێ چیرۆکی ئەم خۆشەویستیەش کە تەمەنەکەی (١١) ساڵە، رۆبینهۆ لەم وێنەیە شێوازی دەم و چاوی خۆی یاری پێدەکات بەرامبەر زوومی کامیراکان دەیگۆڕێت و هەستی خۆشی خۆی بەم جۆرە دەردەبڕێت.

## له ڕێوڕەسمێکی قەشنگ و دیموکراسیدا

# هەڵبژاردەنەکانی یانەی وەرزشی هەولێر ئەنجامدرا









لــه هۆڵــی ڕۆناکــی هەڵبژاردنەکانی یانەی وەرزشی هەولێر ئەنجامدرا بە مەبەســتی دەست نیشان کردنی دەستەیەکی تــازە بۆ یانــەی هەولێــر، ئەم هەڵبژاردە لە کەش و هەوایەکی قەشــنگ و دیموکراســیدا کە تیاییدا دەســتەی گشتی یانەی هەولێــر دەســتەیەکی تازەی یانەی وەرزشــی هەولێریان دەست نیشان کرد، سەرەتای هەڵبژاردنەکــە بــە هەردوو ڕاپۆرتی دارایی و کارگێڕی خوێندرایەوە، پاشان چەندین ڕێنمایــی تایبــەت بــە هەڵبژاردنەکاندا لە لیژنەی هەڵبژاردنەکــە بــاس کرا، کە تیاییدا ئەو کەســانەی کە مافەی دەنگدانیان هەبــوو (٣٠٠) کەس بوو، بــەڵام تەنیا (٢٤١) کەس ئامادەی هەڵبژار دنەکان بوون، ئەوانەی خۆیان بــۆ هەڵبژاردنەکان پاڵێوراو کردبــوو (١١) کەس بوون ئەوانیش هەرەیەکە لە دکتۆر عەبدوڵڵا بۆ پۆستی سەرۆکی یانە و عەبدولخالق مەســعود بۆ پۆستی جێگری ســەرۆکی یانە و مەحمود عەزیز بۆ پۆستی ســکرتێری یانە و یوسف عزدین بۆ پۆستی ئەمینداری دارایی خۆیــان پاڵێوراو کردبوو و بۆ پۆســتی ئەندامیتــی یانە هەریەکە لە (پشــتیوان شــبیب – دکتۆر ئازاد – بسیم عیسی – شۆرش عەباس – بێجان ئیبراهیم – ئیسماعیل مولود – سەفین کانەبی)بوو کە ڕکابەریان لەســەر چوار کورسی دەکرد، بــەڵام ئەوەی جێگای ســەرنج بــوو جەلال پەرێشــان ئەندامــی دەســتەی کارگێڕی پێشووی یانەی هەولێر خۆی بۆ ئەندامیتی یانەی هەولێر هەڵنەبــژاردووە بە بێ ئەوەی هۆکارکە ڕوون بکرێتــەوە، بەڵام لە ڕۆژانی داهاتوو ئەم هۆکارانە هەموو ئاشکرا دەکرێت کە چەندین قســە وباس لەسەر ئەم کێشەیە هەیە، و ئەنجامەکانی کۆتایی هەڵبژاردنەکان بەم شێوە بوو.

١- دکتۆر عەبدوڵڵا سەرۆکی یانە ٢٣٥ دەنگ

٢- عەبدولخالق مەسعود جێگری سەرۆك ٢٢١ دەنگ

٣- مەحمود عەزیز سکرتێری یانە ٢٢٠ دەنگ

٤- یوسف عزدین ئەمینداری دارایی ٢١٦ دەنگ

٥- سەفین کانەبی ئەندام ١٩٨ دەنگ

٦- شۆرش عەباس ئەندام ١٩٢ دەنگ

٧- بێجان ئیبراهیم ئەندام ١٨٣ دەنگ

٨- پشتیوان شبیب ئەندام ١٤٢ دەنگ

٩- دکتۆر ئازاد ئەندامی یەدەگ ١٣٣ دەنگ

١٠- بسیم عیسی ئەندامی یەدەگ ٤٧ دەنگ

١١- ئیسماعیل مولود کەوتە دەرەوەی ڕکابەرییەکە ٤٠ دەنگ



## پاتۆ و هاوسەری نوێی

ئەستێرەی لێهاتووی یانەی میلانی ئیتاڵی ئیلکسەندەر پاتۆ و هونەرمەندی ســینەمایی ســتیڤانی بریتۆ دوای ئەوەی لە کەنیســەی ساوفرانسیسکۆ لە ڕێودۆجانێــرۆی بەرازیلی ژیانی هاوســەرگەریەتی پێــك دەهێنــن و لە کاتــی هاتنە دەرەوەیان دەســتیان بەرزدەکەنەوە و ســڵاو لە ئامادەبووان دەکەن، پاتۆ لە وەرزی ڕابردوو ئاستی زۆر نزم بوو و لە زۆربەی یارییەکانی هەڵبژاردەی بەرازیــل و یانەی ئەی ســی میلان ئاســتی جێگیــر بێت وبگەڕێتەوە ئاســتی جارانی خۆی شــوێنی خۆی لە ڕیزی هەڵبژاردەی بەرازیل بکاتەوە و بەشداری مۆندیالی (٢٠١٠) بکات.



## جیــلاردیــنو و هـــاوســـەرگـــەریەتی

وەکــو ئەستێرەکانی سینەمایی ئەمەریکی، ئەســتێرەی ئیتاڵی ئەلبەرتۆ جیلاردینۆ لــەبــەر دەرگــای کــەنیســەی سانتا مــارگریتا ڕاوەستاوە و لــە چــاوەڕوانــی هــاوســەرکــەیتــی کە بێتە دەرەوە لەم ڕۆژانە دا ئەستێرەکانی ئیتاڵی بە گشتی و هێرشبەران بە تایبەتی تــامــی پێکهێنانی هاوسەرگەریەتی دەکەن لە ژیانی تاکی دەرباز دەبن.

# ئایا لە کوردستان گرنگی بە یاری تۆپی دەستی کچان دەدرێت؟



**یاری تۆپی دەستی یەکێکە لە یارییە گرنگەکەکان لە کوردستان کە زۆربەی یانەکان گرنگی تایبەتی پێ دەدەن بەڵام تۆپی دەستی کچان ساڵانە یـەک خولیان بۆ دەکرێتـەوە وماوەی چەند رۆژێك دەخایەنـێ یاریزانانیش داوا دەکەن کەوا سـاڵانە پاڵەوانیەتی زیاتریان بۆ بکرێتەوە بۆئەم مەبەستەش یاریزانانی یانەکان قسەی خۆیان هەبوو بۆگۆڤاری گولان .**

**(سەرکەوت موحسین)سکرتێری یەکێتی تۆپی دەستی کوردستان گوتی** " ئێمە هەموو ساڵێك خولی تۆپی دەستی کچان دەکەینەوە،ئەم ساڵ دەبوایە نۆ یانە بەشداریان بکردایە بەڵام شەش یانە بەشداریان کرد بەهۆی نەبوونی بودجەوە سێ یانە بەشداریان نەکرد،لە بارەی هاوکاری کردنی یانەکانیش گوتی ئێمە بەس دەتوانین بودجە بۆ پاڵەوانەتیەکـــە ئامادە بکەین نەك هاوکاری یانـــەکان بکەین ناتوانین یارمەتی یانەکان بدەین وپارەیـــان بۆدابین بکەین ئەوە کاری وەزارەتـــی وەرزش ولاوانە نەك یەکێتی تۆپی دەست ئەم ســـاڵیش تائێستا مونحەی هەنـــدێ یانە دراوە هەندێـــك ماوە لە بارەی کێشـــەکانیان گوتی ئێمە کێشـــەی نەبوونی هۆڵـــی داخراومان هەیە سوپاســـی یانەی هەولێر دەکەین کە هاوکاریمان دەکەن هۆڵمان بـــۆ دابین دەکەن بۆ هەموو ســـاڵێك،لیژنەی ئۆلۆمپییـــش کە بودجەمان بـــۆ دابین دەکەن هەر ئەوەندە دەتوانین ساڵانە خولێك بۆ کچان بکەینەوە بۆ ئاستی کوڕانیشمان ئەنجامداوە لەگەل ئاستی لاوانیش .

**(مەریـــوان عەبدولکەریـــم) ناوبژیوانـــی نێودەوڵەتی تۆپی دەســـتی گوتی** "ئەم ساڵ بەشـــێوەیەکی زۆر باش لە چاو ســـاڵانی تر گرنگـــی زیاتری پێ دراوە دیـــارە ئەمەش بەرەو پێش وەچونێکی باشـــە بۆ کچە وەرزش کارەکانمان،هیوادارێشم کچان زیاتر گرنگی بە ئاستیان بدەن بۆ بەرەو پێش چوونی ئاستیان،لە بارەی کێشەی یاریزانە کچەکانیش ئاماژەی بەوە کرد کەزۆربـــەی یاریزانەکانی یانەکان یاسای تۆپی دەستی بە باشی نازانن بەڕای من هەر ئەوکێشەکی گەورەیە بۆ یاریزانن.

**(بێخاڵ شەریف)سەرپەرشتیاری تیپی تۆپی دەستی ئافرەتانی کەرکوك گوتی** "بەراستی کەســـاڵانە خولێك بۆکچـــان دەکرێتەوە ئەوە پرۆگرامی ســـاڵانەیە بۆ هەموو یەکێتیەکان بەڵام ئەمســـاڵ زیاد لە پێویســـت گرنگی زۆر بەیـــاری تۆپی دەســـتی کچـــان دراوە لە شـــارەکانی کوردســـتان زۆر پێشکەوتوە بەتایبەتی لە شاری هەولێر بەپلە یەکە ئێمە وەکو کچانی شـــاری کەرکووك لە ئاستێکی باش نین چونکە باری مادیمان زۆر باش نیە مانگانەمان نیە هۆڵمان نیە بۆ مەشقکردنی یاریزانەکانمان لە بارەی کیشـــەی یانەکەیان گوتـــی ئێمە منحەیەکـــی مانگانەمان نیە یارمەتیمان بـــدات و موچەیەکی باش بدەین بە یاریزانەکانمان کەل وپەلی باشیان بۆ دابین بکەین ئەو جل وبەرگانەی کەئێســـتا یاریی پێ دەکەن هی ســـێ ســـال پێش ئێستایە کە کاتی خـــۆی بۆمانیان کڕی بـــوو، ئەگەر ئیمکانیتمـــان باش بێش بێت ئەوە ئاســـتمان باشترە بەرەو پێش دەچێت .

(ئەشـــواق ئەحمەد )یاریزانی تۆپی دەســـتی ئافرەتانی هەولێر گوتی "بەراســـتی ئێســـتا لە جاران باشـــترە یاری تۆپی دەســـتی لە کوردستان لە چاو ســـالانی رابردوو یانەکان زیاتر گرنگی بە یاری تۆپی دەســـتی دەدەن بەلام هیوادارم ساڵانە خولی زیاتر بۆ کچانی یانەکانی کوردســـتان بکرێتەوە بۆ بەرەوپێش چونـــی ئاســـتیان چونکە بۆ یەك ســـاڵی دوورودرێـــژ تەنیا یەك خـــول دەکرێتەوە کە ئەمیش بۆ یاریزان زۆر کەمە ناتوانی بوونی خۆی بسەلمێنێ لە بارەی کێشەکانیان گوتی تاکو ئێســـتا هۆڵێکی تایبەت بەخۆمان نیە مەشـــقەکانی خۆمانی لێ ئەنجام بدەین بێ گومان ئەگەر هۆڵی خۆمان هەبێت دەتوانین ململانی لەگەل تەواوی یانەکان بکەین،پاسی تایبەت بە یانەکەمان نیە تاکو ئێستا ئەمیش گرفتی هات وچۆمان بۆ دروست دەکات.

**(هەرێم خۆشـــەوی) یاریزانی تۆپی دەستی ئافرەتانی هەولێر گوتی** ئیستا بە شێوەیەکی بەرچاو گرنگی بە یاری تۆپی دەستی کچان دەدرێت لە شـــارەکانی کوردستان ویانەکانیش رۆڵیان باشـــە بۆ بەرەو پێش چوونی ئاستی کچان گوتیشـــی حەزدەکەین ساڵانە خولی زۆرمان بۆ بکرێتەوە بەراستی کردنەوەی یەك خول بۆیەکســـاڵ زۆر کەمە ناتوانین سودی لێ ببینین هیوادرام ســـالانە خولەکەمان بۆ زیاد بکرێت زۆر ئاســـتمان بەرەوپێش دەچێت لەبارەی کێشـــەکانمان زۆرە هیچ گرنکێکمان پێ نادرێ لەلایـــەن وەزارەتی وەرزش ولاوان ولایەنەکانـــی تر هەر بە لێنکمان پێ دەدەن و هیچ ناکرێت هەر قسەیە هەر دەلێن وەرزشی ئافرەتـــان پێش کەوتوە بەلام هیچ وانیە تەنیا قســـەیە دەیکەن،تائێستا هۆلێکی وەرزشیمان نیـــە کە بوونی خۆمانی لێ بســـەلمێنین لە وەرزش کردن هیوادرام هۆلێکمان بۆ دروســـت کەن.

**(ســـوها عەلی بەرزنجـــی) یاریزانی تۆپی دەســـتی ئافرەتانی کەرکوك گوتی"** ئێستا لە کوردســـتان تۆپی دەستی کچان گرنگی باشـــی پێ دەدرێت بە تایبەتـــی لە یانەی ئافرەتانی کەرکووك ئێمەش ئاستمان زۆر لە پێش یانەکانی ترە هەموو ساڵیکیش ئێمە بۆ خولی کوردستان خۆمان باش ماندوو دەکەین بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامی شایستە گوتیشی هیوادرام یەکێتی تۆپی دەســـتی کوردستان ســـالانە یەك خولمان بۆ نەکەنەوە با خولەکان بەردەوام بێت بۆ باشـــتر بوونی ئاســـتمان لە بارەی کێشەکانیان لە شاری کەرکووك گوتی کێشەکانی ئێمە زیاتر کێشەی باری ئەمنیە هۆلەکەشـــمان زۆر کۆنە پێویستی بە نۆژەن کردنەوەیە وبەرپرســـانی یانەکەشمان کەم تەر خەم نینە ئەوپەری خزمەتمان دەکەن هیچ کەم وکوریکیان نییە.

دیمانە: کارزان کانەبی



ئەستێرەی یانەی بەرشلۆنە و هەڵبژاردەی بەرازیلی دانیال ئەلڤێس یەکێك بوو لە یاریزانەکانی لاوانی هەڵبژاردەی بەرازیلی کە توانیان جامی جیهانی لاوان بە دەســت بهێنین کە لە ئێمارات ئەنجامــدرا و هەر لە ئێمارات باڵەکانی کــردەوە و بۆ دوارۆژی خــۆی روویکردە ئەوروپا و لە ئەندەلوس و لە یانەی ئیشــبیلیە جێگیــر بوو، بەڵام بە دڵی نەبوو چاوی لــە یانەیەکی گەورەتر بــوو لە هەنگاوی یەکەمی یانەی لیڤەرپوول دەرگای بۆ کردەوە، بەڵام بەهۆی بۆندەکەوە کێشــە کەوتە نێوان هەردوو یانە و هەموو شــتێك تێکچوو ئەلڤێس بەردەوام بوو، بەڵام بیر و هۆشی هەر لە یانەیەکــی گەورەی ئینگلیزی بوو، بەهیچ شــێوەیەك بیری لە ئیسپانیا نەبوو و لەگەڵ ئیشــبیلیە چەندین نازناوی وەرگرت و جارێکی دیکە بۆندێکی لە خولی ئینگلتەرە بۆ هات ئەمجارەیان لە یانەی چێلســی بــوو و ئەمەش بــە دەردی لیڤەرپوول چوو ئەمەش بووە ناخۆشی پەیوەندییەکانی لەگەڵ سەرۆکی یانەکە و تا بۆندێکی دڵخۆشکەری لە یانەی بەرشلۆنە لە هاوینەی ساڵی ٢٠٠٨ بــۆ هات ئەویش بە بڕی (٤١) ملیۆن یۆرۆ بوو ئەمەش لەبەر گرنگی ئەم دیمانەیە کە لە گۆڤاری ســوپەر بڵاوکراوەتەوە بڵاوی بکەینەوە.

# ئەلڤێس: هاتنی کاکا و رۆناڵدۆ بۆ ریاڵ مەدرید ئـ

*** هەســتت بە چیکرد کە لەگەڵ بەرازیل نازناوی جامی کیشوەرەکانتان بردەوە؟**

- بە تەئکید خۆشحاڵ بــووم چونکــە ئەمە یەکەمین نازناوی جیهانیم بــوو و ئەمەش هەنگاوێکی گرنگە بــۆ مۆندیاڵــی داهاتوو کە ساڵی داهاتوو لە هەمان شوێن ئەنجام دەدرێ، لــەم دواییەدا تووشــی زۆر گلەیی و رەخنە هاتین سەرەڕای ئەوەی لە پێشەنگی کۆمەڵەی خۆمانین لە کیشــوەری ئەمریکای باشــوور ئەم نازناوەش رەخنەکانی لەســەر راهێنەر سوك کرد.

*** ئایــا لــەم قۆناغــە دۆنــگا راهێنەرێکی شیاوە؟**

- ئــەم پیــاوە لەمــە زیاتر چی پێویســتە، نازنــاوی ئەمەریکای باشــووری بردەوە پێش دوو ساڵ و توانیشی جامی کیشەوەرەکانیش بباتەوە.

*** ئایا هەڵبژاردەی بەرازیل دەتوانــێ جامــی مۆندیــال بباتەوە؟**

- من باوەڕێکی تــەواوم هەیە کە بە بەردەوامی دەڵێن بەرازیل کاندیدی یەکەمە لە هەموو پاڵەوانیەتیەك.

*** ئــەی هەســت بەچیکــرد کە پەیوەندیت بە یانەی بەرلشۆنە کرد؟**

- هەستم بە خۆشــیەکی زۆر کرد و خەونەکانم هاتــە دی کە ماوەیەکە چاوەڕوانی بووم، ئەرکێکی گران بوو چونکە جەماوەر داوای ئەنجامیان لە ئێمە دەکرد و ئێمە ئاواتەکانیمان بەدی هێنا.

*** بــاوەرت بــەوە بــوو لــە یەکەمین وەرزت ئەم هەموو سەرکەوتنانە بە دەست بهێنیێ؟**

- لەسەر ئاستی کەسایەتی خۆم دەڵێم نەخێر، ســاڵی یەکەم بیــرم دەکردەوە کە شــوێنی خۆم لە پێکهاتەی ئەو یانەیە بکەمەوە خۆشــحاڵم کە لەتەك یاریزانان میسی و شاڤی و ئەنێستا یاری دەکەم، ئەمەش شتێکی سەرسوڕمێنەر نییە کە سێ نازناومان لە وەرزێك بردەوە.


*** هۆکارەکان چین؟**

- ئاستێکی بەرزمان نیشاندا لەم وەرزەدا و لە بەهێزتریــن رکابەری خۆمان لە خولی ئیســپانیا بردەوە و جامی شــای ئیسپانیاشمان وەرگرت لە کۆتایی جامی یانەکانــی ئەوروپا لە یانەیەکی بەهێزی وەکو مانچستەر یۆنایتدمان بردەوە.

*** تــۆ لــە زۆربــەی زۆری یارییە یەکلاکــەرەوەکان بەشــداری ناکەیت بە تایبەتی بەرامبەر مانچســتەر یونایتد ئەمەش نەبووە جێی نیگەرانی تۆ؟**

- زۆر ناخــۆش بــوو، چونکە من لە سەرەتایی ئەم پاڵەوانیەتیە بەشداریم کرد، بــەڵام بەداخەوە پێــکان وایکرد کە لەم یارییەدا بەشداری نەکەم، بەڵام متمانەم بە بــرادەران هەبوو کە بردنــەوەی ئەم یارییە دەکەن دیاری بۆم و ئەمەشیان بە کردەوە سەلماند خۆشحاڵ بووم کە دەستم گەیشــتە جامــی پاڵەوانیەتیەکە و ئەو ساتەش لەبیر ناکەم.







# ـــــەرکـــەکانمان گرانتر دەکات

*** ســـودت لەوە وەرگـــرت کە لەتەك یەکێکی وەکو میسی یاریت کرد؟**

- ســـوودێکی زۆرم وەرگـــرت لەبەر ئەوەی خـــاوەن بەهرەیەکی بەرزە دەتوانێ تۆپی جوان دروست بکات بە جوولەکانی لە یاریگا دڵی ئامادەبووان خۆش دەکات و حـــەز دەکەم بـــە بەردەوامی لەتەکی یاری بکەم.

*** چ پاڵەوانیەتیەك لای تۆ گرنگی زۆر هەیە؟**

- خولی یانەکان لەبەر ئەوەی ماوەیك درێـــژە و پەیوەندە بە ئامادەکاری تیپەکە بۆ وەرزێکـــی تەواو، پاڵەوانیەتی جامی ئیسپانیاش تاموچێژێکی تایبەتی خۆی هەیە چونکە ســـەرەتا بەرامبەر یانەی بچـــووك یاری دەکەین و لە کۆتایشـــدا رووبەڕووی یانەی بەهێز دەبینەوە.

*** ئایـــا لە وەرزی ئەمســـاڵ ئەرکی بەرشـــلۆنە گرانتر نایێـــت لەبەر ئەوەی یانەی ریال مەدریـــد چەندین یاریزانی بە توانای هێناوە بـــە تایبەتی برادەرت کاکا؟**

- لـــە یـــاری تۆپی پێ وا باشـــترە رکابەری لەگەڵ یانەی بەهێز بکەیت، بە هاتنی یاریزانان کاکا و رۆناڵدۆ بۆ ریال مەدرید رکابەرییـــەکان بەهێزتر دەبێت و جەماوەری زیاتر ئامادەی یارییەکان دەبن و خۆشـــحاڵم و پێشوازی لە هاتنی کاکا دەکەم بۆ خولی ئیســـپانیا و ئەم خولەش دەبێتە بەهێزترین خول لە جیهان و ئەرکی ئێمـــەش گرانتر دەبێت.

*** بـــە رای تۆ کێ باشـــترین یاریزانە لـــە جیهان کاکا یان میســـی یان رۆناڵدۆ؟**

- لەم کاتەدا میسی باشـــترین یاریزانە لە جیهـــان چونکـــە لـــە بارێکی هونەری بەرزدایە و لە وەرزێك سێ نازناوی گرنگی وەرگرتووە، گەر سەیر بکەین کە رۆناڵدۆ باشترین یاریزان دەرچوو مافـــی خۆی بوو چونکە لـــە وەرزی رابردوو چەندین نازناوی بە دەستهێنا بۆیە دەڵێم میســـی باشترین یاریزانە لەم کات و ساتەدا.

ئەلڤێس کێیە

ناو: دانیال ئەلڤێس دا سیڵڤا

رۆژی لە دایکبوون: ١٩٨٣

شـــوێنی لە دایکبوون: گوازیرۆ — بەرازیل

درێژی: ١٧١ سانتیمتر

شوێنی یاریکردن : باڵی راستە

یانە: بەرشلۆنە

لـــە ســـاڵی ٢٠٠٦ وە پەیوەندی بە هەڵبژاردەی بەرازیـــل کردووە لە (٢٦) یاری (٣) گۆڵی تۆمار کردووە.